**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ١٧٩١ لە ٢٠٢٠/٢/١٦**

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ( ٨٩٢١ ) لە ٢٠١٩/١٠/٢٩ بە مەبەستی دابین کردنی خواردن بۆ (نەخۆشەکان و کارمەندان) و پاککردنەوەی نەخۆشخانە و دەزگا تەندروستیەکان ، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :-

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**تایبەت بە ئامادەکردنی خواردن وپرۆژە خزمەتگوزارییەکان**

**یەکەم:** گرێبەستی دابینکردنی خواردنی نەخۆش و کارمەندانی تەندروستی بۆ نەخۆشخانە و دەزگا تەندروستیەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت.

١- نەخۆشخانە و دەزگا تەندروستیەکانی ناو سەنتەری قەزاکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) نرخی سێ ژەم خواردن بۆ هەر نەخۆشێك یاخود کارمەندێك لە (٤٥٠٠) دینار کەمتر نەبێت و لە (٦٠٠٠) دیناریش زیاتر نەبێت.

٢- نەخۆشخانە و دەزگا تەندروستیەکانی پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و ئیدارەی ڕاپەرین و نەخۆشخانە و دەزگاکانی دەرەوەی سەنتەری قەزاکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) نرخی سێ ژەم خواردن بۆ هەر نەخۆشێك یاخود کارمەندێك لە (٤٥٠٠) دینار کەمتر نەبێت و لە (٧٠٠٠) دیناریش زیاتر نەبێت.

٣- لە هەردوو حاڵەتی سەرەوە سەرجەم خەرجی ئامادەکردن و دابەشکردنی ژەمە خواردنەکان بەکەرستە و هەموو جۆرە خەرجییەکی کرێکارەوە لە سەر بەڵێندەرە.

**دووەم:** گرێبەستی پاککردنەوە نەخۆشخانە و دەزگا تەندروستیەکان بە دوو گرێبەستی سەربەخۆ ئەنجام دەدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :-

١- گرێبەستی دابینکردنی مەواد و پێداویستی پاککردنەوە:-

أ- کڕینی سەرجەم مەواد و پێداویستیەکانی پاککردنەوە بەپێی بڕ و تایبەتمەندی (مواصفات) داواکراو لە دۆکیومێنت و مەرجەکانی بانگەوازکردندا لە سەر بەڵێندەر دەبێت.

ب- خەرجی گواستنەوەی کەرستە(مواد) وپێداویستەکانی پاککردنەوە و کۆگاکانیان لە ئەستۆی بەڵێندەر دەبێت . بە مەرجێك لە ناو سنووری شارەوانی ئەو شارە یان شارۆچکەیە بێت نەخۆشخانەکەی تێدایە.

ج- خەرجی گەیاندنی کەرەستەکان (المواد) خاڵی (ب) بۆ ئەو نەخۆشخانە و دەزگا تەندروستیانەی کە گرێبەستەکەیان بۆ ئەنجام دراوە بەپێی بڕ و جۆری داواکراو بە مەرجێك هەر بڕێکی (وجبة) بۆ هەفتەیەك کەمتر نەبێت لە سەر بەڵێندەر دەبێت ، و پێویستە هەموو بڕەکان لە لایەن فەرمانبەری وەزارەتی تەندروستی وەربگیرێت و لە ڕۆژی خۆی تۆمار بکرێت.

٢- گرێبەستی کاری پاککردنەوەی نەخۆشخانەکان.

أ- دابینکردنی کرێکاری پێویست و دابەشکردنیان بەپێی ژمارە و توانا و لێهاتوویی داواکراو.

ب- سەرجەم خەرجییەکانی کرێکارەکان وەك (گواستنەوە ، شوێنی حەوانەوە ، جل و بەرگی یەکپۆشی ، نان خواردن و هەرچی پێداویستی تریان هەیە) لەسەر بەڵێندەر دەبێت.

ج- پوختەی (الصافي) مووچەی کرێکار لە (٣٠٠٠٠٠) دینار کەمتر نەبێت.

د- بەڵێندەر پابەند دەبێت بە پێدانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەپێی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی ژمارە(٣٩)ی ساڵی ١٩٧١.

هـ- دەبێت ڕێژەی کرێکاری ڕەگەزی مێ لە (٣٥٪)ی ژمارەی کرێکارەکان کەمتر نەبێت.

و- ڕێژەی کرێکاری ناوخۆ لە ڕێژەی(٧٥٪)ی ژمارەی کرێکارەکان کەمتر نەبێت.

ز- پشکنینی تەندروستی سەرجەم کرێکارەکان لەسەر بەڵێندەر دەبێت و هیچ کرێکارێك دەست بەکار نابێت بەر لە پێشکەش کردنی ئەنجامی تەندروستی ئەم پشکنینیانە.

ح- لە حاڵەتی یەکسانی بوونی دوو عەرز ، سەرەتا دەبێت ئەم پێوەرانەی خوارەوە لە بەر چاو بگیرێن:-

١- کام لە بەڵێندەرەکان ژمارەی رەگەزی مێی زیاتر بوو ، بۆ هەر کرێکارێك یەك خاڵ وەکو پێشینەتر (افضلية) دادەنرێت.

٢- کام لە بەڵێندرەکان ژمارەی (کەم ئەندام)ی زیاتر بوو بە مەرجێك ئیشەکەی بە تەواوەتی پێ بکرێت ، بۆ هەر کرێکارێك یەك خاڵ وەکو پێشینەتر (افضلية) دادەندرێت.

٣- ئەم رێنماییە لە رێکەوتی ٢٠٢٠/١/١ ەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣٤٥٢ لە ٢٠٢٠/٢/٦**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسایی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوایی ڕێنمایمان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩ و ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەتمان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی پارێزگاکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٨ بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم بەیانە هەمواربیە:-

**بەیانی ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی٢٠١٩ تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی جام ڕەش**

**ماددەی (١):-**

١- گۆڕینی ڕێژەی(٣٠٪) بۆ (٥٠٪) لە هەرماددە و بڕگەیەکی هاتوو لە ڕێنمایی سەرەوە .

٢- گۆڕینی ڕێژەی (٥٠٪) بۆ (٨٠٪) لە هەر ماددە و بڕگەیەکی هاتوو لە ڕێنمایی سەرەوە .

**ماددەی (٢):-**

زیاد کردنی سێ بڕگە(٩و١٠و١١) لە ماددەی پێنجەم لە ڕێنمایی سەرەوە دەبێتە بڕگە (١٢)ی ڕێنمایی سەرەوە .

٩. ئەو ئوتۆمبێلانەی کە لە کۆمپانیای دروستکەر ڕێژەی تاریکی جام تا (٣٠٪)ـە ئەوا لێپرسینەوە و هیچ رسوماتێکی لێ وەرناگیرێت بە مەرجێك بە لەزگە جامەکانی ڕەش نەکرابێت و لە بنەمای کۆمپانیای دروستکەر ڕەش کرابێت .

١٠. ئەگەر ڕێژەی تاریکی جام لە بنەمای کۆمپانیای دروستکەر یان بە لەزگە لە (٣٠٪) زیاتر و لە (٥٠٪) کەمتر بێت ئەوا پێویستە رسوماتی (٥٠٪) بدات .

١١. ئەگەر ڕێژەی تاریکی جام لە بنەمای کۆمپانیای دروستکەر یان بە لەزگە لە (٥٠٪) زیاتر و لە (٨٠٪) کەمتر بێت ئەوا پێویستە رسوماتی (٨٠٪) بدات

١٢.بڕی ئەو پارانەی سەرەوە کەلەم ماددەیە هاتووە دەخرێتە سەر حسابی پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

**ماددەی (٣):-**

ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**